# نەخشەی گرنگترین هاوپەیمانییەکانی هەڵبژاردنی پێشوەختە

15-04-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** هێشتا نزیکەی دوو هەفتە ماوە بۆ کۆتا وادەی پێشکێشکردنی ناوی هاوپەیمانیی و حیزبە سیاسییەکان بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، بەڵام بەوپێیەی دواوادەی پێشکێشکردنی ناوی کاندیدەکان سەرەتای هەفتەی داهاتووە، هەندێك لە سیما سەرەکییەکانی نەخشەی دابەشبوونی هێزەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پێشوەختە لەناو دەوروبەری ئەو 250 حیزبەی کە مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، وردە وردە لە دەرکەوتن و ئاشکرابووندایە.

| RRC

ياسین تەها|

هێشتا نزیکەی دوو هەفتە ماوە بۆ کۆتا وادەی پێشکێشکردنی ناوی هاوپەیمانیی و حیزبە سیاسییەکان بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، بەڵام بەوپێیەی دواوادەی پێشکێشکردنی ناوی کاندیدەکان سەرەتای هەفتەی داهاتووە، هەندێك لە سیما سەرەکییەکانی نەخشەی دابەشبوونی هێزەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنی پێشوەختە لەناو دەوروبەری ئەو 250 حیزبەی کە مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، وردە وردە لە دەرکەوتن و ئاشکرابووندایە.

هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکەوێتە مانگی تشرینی یەکەمی 2021 کە دووەم ساڵیادی خۆپیشاندانەکانی تشرین و لەدایکبوونی تەوژمێکی نوێی ناڕازی و تورەی مەدەنی و عەلمانییە بەناوی ئەم مانگەوە لەهەناوی ئەو کۆمەڵگایانەی پێکهاتەی شیعە زۆرینەی پێکدەهێنن، بەڵام هێشتا ئەو چالاکی و حیزب و گردبوونەوانەی بەناوی تشرین دروستکراون و نوێنەرایەتی خوێن و خەونی قوربانییەکان دەکەن (600 کوژراو و هەزاران بریندار) لەمشتومڕی ئەوەدان ئایا بەشداری هەڵبژاردن بکەن یان وەك رەوتێکی ناحیزبی و تەوژمێکی رەخنەگری دەرەوەی پەرلەمان بمێننەوە و لەمبارەیەشەوە نەگەیشتوونەتە کۆدەنگی، هەندێك بەشداریکردنیان پێ باشە، هەندێکیتر پێیانوایە بەشداری بکەن زۆرینە نابن و ئەبنە ژمارەیەکی بچوك و سنووردار و لاواز.

لە دەرەوەی رەوتی تشرین هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی پاش 2003،  کە خاوەن ئەزموون و میکانیزمی جۆراوجۆرن (دەزگاکانی دەوڵەت، چەك، پارە، مەزهەب، تایفە، عەشایەر و نەتەوە) سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنن، هەندێك لەوانەش بۆ شاردنەوەی رابردوویان پەنایان بۆ هەڵبژاردنی ناوی نوێ بردووە بۆ حیزب و هاوپەیمانییەکانیان یان حیزبی سێبەریان دروستکردووە بۆ ئەوەی سەرجەم هێلکەکانیان نەخەنە یەك سەبەتەوە.

سەدرییەکان کە یەکەمی خولی چوارەمی ئێستان (54 کورسی)، سوورن لەسەر ئەوەی بەتەنها بەشداری هەڵبژاردن بکەن، چاویشیان لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانە بەوپێیەی پێیانوایە زۆرینە بەدەست دەهێنن، لەبەرامبەر ئەوانیشدا لە شەقامی شیعی دوو هێزی رکابەری سەدرییەکان لەجموجوڵدان کە یەکەمیان هاوپەیمانیی فەتحی حەشدی شەعبی و دووەمیان دەوڵەتی یاسای نوری مالیکییە. ئەم دوو هاوپەیمانییەی دوایی کە دەچنەوە سەر یەك گوتار و یەك بیرکردنەوەی سیاسی و لە دۆستان و شوێنکەوتەکانی تارانن، تا ئێستا بەجیا خۆیان تۆمارکردووە و رەنگە یەکگرتن یان هاوپەیمانیی بخەنە پاش کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن بەتایبەت کە مالیکی چەندجارێك خواستی بەهێزی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ سەرۆکایەتی وەزیران ئاشکراکردووە. لەناو هێزە ئێرانییەکانیشدا هیچ کەسایەتییەکی سیاسی و ئەزمووندار لە چەشنی مالیکی تا ئێستا دەرنەکەوتووە و سەرباری دوورخستنەوەشی لە پۆستەکەی هەر وەك جەمسەرێکی سیاسی و دەمڕاستێکی گروپە چەکدارەکان رۆڵی بینیوە.

وا پێ دەچێت مالیکی تەنها بەکارتی حیزب و هاوپەیمانییەکەی خۆی نەوەستێت و سەرقاڵی دروستکردنی لیست و حیزبی سێبەر بێت. لەم میانەیەشدا زانیارییەکان ئاماژە بە دروستکردنی لیستێك دەکەن بەناوی (قادرون) کە باڵی سیاسی گروپی چەکداری ئیمام مەهدییە. حەسەن حەسناوی کە سەرکردایەتی حیزبی (الثقة)ش دەکات لەسەر باڵی مالیکی لەناو حیزبی دەعوە هەژمارە. جگە لەم هاوپەیمانییەش باوەڕ وایە محەمەد شیاع سودانی پەرلەمانتاری ناسراوی شیعە و وەزیری پێشووی کاروباری کۆمەڵایەتی، دواتر هەر بچێتە بەرەی مالیکی، بەوپێیەی خواستی وەرگرتنی پۆستیی سەرۆکوەزیرانی لەپاش عەبدولمەهدی هەبوو بۆیە ناچاری دەستلەکارکێشانەوەی رووکەشییانە لە دەوڵەتی یاسا بوو.

دووبەرەیی هێزە پرۆ ئێرانییەکانیش لە هەڵبژاردن بەواتای کۆتاییهاتنی هاوپەیمانیی (البناء) دێت کە بۆ رکابەریکردنی (الإصلاح) ی عەبادی و هێزە میانڕەوەکانیتری شیعە لەپاش هەڵبژاردنی 2018 بەپەلەپرۆزە دروستکرا. دواتر خۆیان بەزۆرینەی ناو پەرلەمان دەزانی بەر لەوەی بەرژەوەندی جیاواز بەسەر جەمسەری جۆراوجۆردا پەرتیان بکات و تەمەنی لەچەند مانگێك زیاتر بڕی نەکرد.

لەناو پێکهاتەی شیعیدا کە زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان پڕ دەکەنەوە، جگە لە سەدری و حەشدییەکان، هێزگەلیتر هەن چاویان لە هاوپەیمانیی فراوان "نیشتمانی" یە کە سنوری تایفەو نەتەوە ببەزێنێت، لەم میانەیەشدا حەکیم و حەلبوسی چوونەتە یەك بەرەوە، لە کوردستانیش داوایان لە پارتی و یەکێتی کردووە بچنە پاڵیان، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەستن زیاتر لەیەکێتییەوە نزیکترن، هەرچی پارتیش هەیە لەگەڵ سەدرییەکان سەرقاڵی دانوستانی چڕن لەسەر ئەو بنەمایەی هەردووکیان پێیانوایە زۆرینەی شیعە و زۆرینەی دەنگەکانی کورد بەدەست دەهێنن. بۆ هاوپەیمانیی هیواش هەندێك لە شیعەکان پێیانوایە بەهۆی فرە ئاراستەییانەوە گرەویان لەسەر

ناکرێت.

لەناو سوننەکان گرێی گەورەی لیستە رکابەرەکان، محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانە. هەندێك لە سەرکردە ناسراوەکانیش لە هاوپەیمانییەکدا کۆبوونەتەوە (العزم) بۆ رکابەریکردنی سەرۆکی ئێستای پەرلەمان، لەوانەش خەمیس خەنجەر و سەلیم جبوری و کەربولییەکان و باسی راکان جبوری پارێزگاری کەرکوك و خالید عوبەیدیش هەن، بەڵام ئەمانە تەنها رکابەری حەلبوسی نابن کە لەهەمو جێگایەك گوشاری بۆ هێزە سونییە ناوچەییەکان هێناوە، بەڵکو لە سەلاحەدینیش موسەننا سامەڕایی جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و مشعان جبوری پەرلەمانتاری پێشوو، باسی هاوپەیمانییەك دەکەن بەناوی (الصقور_ هەڵۆکان) بەڵام بەو پێیەی ناوچەییە، رەنگە توانای رکابەریکردنی حەلبوسی یان بەرەکەی خەنجەری نەبێت (العزم). لەدەرەوەی ئەم هێزە سوننانەش بنەماڵەی نوجێفی و سوننەکانی نزیك لە عەلاوی هەن، "حیزبی جەماوەری" ئەبو مازنی پارێزگاری پێشووی سەلاحەدینیش لە نێوان تکریت و حەویجەدا سەرقاڵی جموجوڵ و کۆکردنەوەی دەنگدەر و جەماوەرە.

ئەگەرچی ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختەیە بەدەمەوەچوونی داواکاری خۆپیشاندانی تشرینی 2019 یە و بەهیوای ئەوەش لەحکومەت و سەرۆکایەتی کۆمار و وڵاتانی رۆژئاواوە پاڵپشتی تەواوەتی ئەم پرۆسەیە کراوە کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە نەخشەی هێزدا دروست بکات، بەڵام زۆرێك لەهێزە تشرینییەکان بێهوان لە بازدانی گەورە و گۆڕانکاریی بنەڕەتی، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، لەوانەش:

مانەوەی هەژموونی چەك و بەشداریکردنی ئەو حیزبانە لەهەڵبژاردن کە باڵی چەکداریان هەیە.

گۆڕانی پرەنسیپی سەرپەرشتی نێودەوڵەتی هەڵبژاردن بۆ چاودێریکردن وەك ساڵانی رابردوو.

ئاشکرانەکردنی سەرچاوەی دارایی حیزبەکان وەك ئەوەی لە یاسای رێکخستنی کاری حیزبەکاندا هاتووە.

ئەمە جگە لەوەی هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان کارامەن لە بەتاڵکردنەوەی کۆمسیۆن و دادگای باڵای فیدراڵی لە مانا و ئەرکی دیاریکراوی خۆیان کە لەڕووی تیۆری و پرەنسیپەوە، سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنێکی پاکو بێگەرد و دادگەرانەی جیاوازە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو.